www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:36 3-10-2006

# محەمەد فەرەج سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان: ئەمرۆ دابڕانێک دروست بووە لەنێوان جەماوەرو حکومەتدا، دەبێت نەمێنێت ... دیمانە/ ئیبراهیم عەلی

سەبارەت بە ووشەی (ئاینی ئیسلام) لە دەستوردا نییە و بڕیار بوو یەکگرتوو هەڵوێست وەربگری.. و چاودێریکردنی حکومەت یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی پەرلەمان، لەو بارەیەوە پەرلەمان چی کردووە؟ و چ لیژنەیەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان؟ بەم دواییانە سزای لەسێدارەدان لە هەرێمی کوردستان بڕیاری کارپێکردنی درایەوە، ئەمانەو چەند پرسیارێکی ترمان ئاراستەی بەڕێز (محەمەد فەرەج) سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان کردوو بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکان داینەوە.

2-1
بێگومان یەکێك لە سەروەرییەکانی هەر گەل و نەتەوەیەك ئەوەیە بتوانێت سیستەمێك لە بەڕێوەبردنی وڵات بەدەست بێنێ، ئەو سیستەمە گەل تیایدا سەروەر بێ، ئەو سیستەمەش ئەمڕۆ لە دونیادا بە ڕێگای هەڵبژاردن دروست دەبێ، سەرەتا ئەو گەلە نوێنەرێك بۆ خۆی دادەنی، نوێنەرێك بۆ خۆی هەڵدەبژێری لە ڕێگای ئەو نوێنەرەوە دەسەڵاتیش دێتە کایەوە، ئەم شێوازە دەتوانی هەم خواستەکانی گەل نقل بکا بۆ جێبەجێکردن، هەم دەتوانی ئەو دەسەڵاتەش کە دروست دەکری خزمەتی گەلی پێ بکا.
خۆشبەختانە لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە کە لە ساڵی (1991) بوو لە ساڵی (1992) گەلی کورد کەوتە خۆی کە ئەم سیستەمە بخاتە کار، دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردن و لە ڕێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە بێتە کایەوە، هەتا ئێستا ئەمە کاری پێ دەکری، بێگومان هیچ کارێکیش بێ سەلبی و ئیجابی نییە، بەڵام ئەمە هەنگاونانە بەرەو دیموکراسی بوون و کۆمەڵگای مەدەنی، ئەم پەرلەمانەی کە ئێستا ئێمەی تێدایە وا ڕێکەوت لەسەر شەڕی ناوخۆ خولی یەکەمی درێژبوو، لە (1992) ەوە درێژبوویەوە تا (2005) .
لە (2005) هەڵبژاردنێکی تر کرایەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانە لە کوردستان، کە دەبوو ئەمە چوارەم و بەرەو پێنجەم بوایە، ئەگەر ئەم دابڕانە دروست نەبوایە، ئێستا ئێمە ئەزموونێکی باشمان لە کاری پەرلەمان بۆ دروست دەبوو، پەرلەمان لە بنەڕەتەوە کارەکانی دوو بەشن، بەشێکی یاسا دادەنێ بۆ ئەو پێداویستییانەی کۆمەڵگا، بەشێکیش چاودێریی ئەو دەسەڵات و حکومەتە دەکات کە خۆی دەستنیشانی کردووە. دەتوانم بڵێم لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارییەوە کاری پەرلەمان بە ئاقاری خۆیدا دەڕوات، پێشتر لەبەر ئەو دوو ئیدارەییە وەك پێویست نەیتوانیوە کارەکانی بکات، بەڵام ئێستا بەو ئاقارەدا دەڕوات، کارەکانی دابەش کردووە. ئێستا بەشی بنەڕەتی کردووە بە بەشی یاسادانان، بەتایبەتی ئێستا لە مەسەلەی دەستور لە مەسەلەی یاسای ئەو وەزارەتانە کە ئەمانە مەسەلەی گرنگن و دەبێ خێرا بکەونە ڕێ، لە قۆناغی دووەم لە دوای ئەم یاسایانە دەکەوێتە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لە ڕێگەی ئەو لیژنانەی کە هەیەتی، ئەمە بە کورتی دەتوانم بڵێم کاری پەرلەمانە.
- وشەی (ئاینی ئیسلام) لە دەستوردا نییە و بڕیار بوو یەکگرتوو هەڵوێست وەربگری لەسەر ئەم بابەتە؟

+ یەکێك لە مەسەلە زیندووەکانی ناو هەر پەرلەمانێك، ئەوەیە کە بیروڕای جیاواز هەبێ، ئەوەی کەوا زیندوێتی و بەردەوامێتی دەدات بە هەر دەزگایەك، ئەوەیە کە بیروڕای جیاواز هەبێ و، ئەو لایەنانەی کە هەن لەو دەزگایە ڕێز لە بیروڕای یەکتر بگرن و ئەو بیروڕایانەش کە هەن بۆ خزمەتی مەسەلە ئەساسییەکان بن لەو گەلە، لەو دەوڵەتە، لەو کۆمەڵگایە دەستور مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئێمە پێمان وایە دەستور ئەو چوارچێوەیە کە باڵانسی نێوانی حاکم و مەحکوم رادەگری و هاوسەنگییەك دروست دەکات. دەبێتە زەمانەتی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك. کە دەستور هەبوو، هەم ئێمەش دەزانین ئەرك و مافمان چییە، هەم حکومەتیش دەزانی دەسەڵاتەکان دیار دەکەوێ، دەستور ئەو چوراچێوە و چەترەیە کە دەتوانین بڵێین هەموو ماف و ئازادییەکانی لە ژێردا پارێزراوە بە بوونی دەستور دەتوانی گەشە ببێ، کە دەستور نییە هەموو شت حکومەتە، بەڵام کە دەستور بوو گەلیش شتە، کۆمەڵگاش حیسابی خۆی هەیە، تاکیش حیسابی خۆی هەیە، کۆمەڵە و ئەحزاب و ئەوانەش حیسابی خۆیان هەیە.. کەوابوو ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بوونی دەستور زەمانێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی گەشە دروست ببێ، چونکە هەر ئینسانێك ئەگەر قەلەقیی هەبێ ناتوانی داهێنان بکات، بوونی دەستور ئەو دڵنیاییە دروست دەکا، کە هیوادارم ئێمەش لە کوردستاندا ڕێز لەو دەستورە بگرین و بە دەسەڵاتدار و بە حاکم و مەحکومەوە بە جددی پابەندی ئەو دەستورە بین، بۆ ئەوەی بتوانین گەشەیەکی نەوعی لەم هەرێمەدا بۆ خۆمان دروست بکەین. وەکو وتم بیروڕای جیاواز هەیە، هەمووش دەبێ ئەو بیروڕایانەی خۆیان بڵێن و دەبێ ڕێز لەو بیروڕایانە بگیرێ. هەندێ بیروڕا پێیان وایە کە مەسەلەی دین پێویست ناکا بوونی ببێ مادام لە دەستوری عێراقدا هەیە، چونکە هەرێم سەر بە عێراقی یەکگرتووە، هەندێکی تر کە ئێمەی ئیسلامییەکان بووین دەمانگوت لەبەر ئەوە دینی ڕەسمیی ئەم هەرێمە ئیسلامە و لە دەستوری عێراقیشدا بە هەمان جۆر هاتووە، کەوابوو شتێکی سروشتییە، جگە لەوەی کە ڕێژەی موسڵمانی بوون لە کوردستاندا لە عێراق زیاترە، لەوێ دینی دەوڵەت ئیسلامە دەبێ لێرەش هەر وابێ، هێشتا هەر ماوە کە موناقەشە بکری و لە پەرلەماندا قسەی لەسەر بکری و بدرێتە کۆمەڵانی خەڵك و راگەیاندن و ئەوانیش قسەی لەسەر بکەن، لەمەولا لە کوردستاندا ئەم شتە چارەنووسسازە گەر وا نەبێ خەڵك قسەی لێ بکات، خەڵك بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات، بەڵام ئێستا دەستورەکە لە (160) مادە پێکهاتووە، ئەوەی کە پەیوست بێ بە ئاینی ئیسلامەوە ڕێز لە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بگیرێ کە ئیسلامە، دووەم شەریعەتی ئیسلامی یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی یاسادانان، دەتوانم بڵێم نزیکبوونەوەیەکی باش دروست بوو لەسەر ئەم ڕەشنووسە، ئەوەی کە ئێستا نووسراوە ئەوەیە موناقەشەش دەکری حەتمەن بڕیاری کۆتایی بۆ خەڵکی کوردستانە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە دەبێ ئەم شتانە هەمیشە بە دیالۆگ و گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە بێت، دەبێ بە باوەڕپێکردن ئەمانە بچەسپێ، نەك بە شێوازێکی تر.

- ئەی سەبارەت بە هەڵوێست وەرگرتنی ئێوە؟

+ هەڵوێستی هەر لایەنێ ئەوەیە کە دەبێ لە پەرلەمان قسەی خۆی بکا، ئازادە دەتوانی ئەوەی کە هەیەتی لە پەرلەمان بیڵێ.

- چاودێریکردنی حکومەت یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی پەرلەمان، لەو بارەیەوە چیتان کردووە؟

+ پەرلەمان بۆ چاودێریکردنی حکومەتە، ئەم کۆمەڵە دەزگایە کە سەرچاوەکانی خەڵکە، خەڵکی هەرێمی کوردستان پەرلەمانیان دروست کردووە و پەرلەمانیش حکومەتی دروست کردووە و ئامانجیش لە دروستکردنی حکومەت خزمەتکردنی خەڵکە، ئەم ئەرکە پەرلەمان پێی سپاردووە و حکومەتیش سوێندی لەسەر خواردووە، کەواتە هەموومان پابەندبوونێکمان هەیە، ئێمە سوێندمان خواردووە کە نوێنەرایەتیی خەڵك بکەین، حکومەتیش سوێندی خواردووە کە خزمەتی خەڵك بکا، کەواتە دەبێ ئەم

پێکهاتانە هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ ئەوەی ئەم هاوولاتییە ئازادانە بژی، ئارام بێ، خۆشگوزەران بێ، گەشە بکات لە هەموو بوارەکاندا، لە رووی سیاسییەوە، لە رووی ئابورییەوە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لە رووی رۆشنبیری و فەرهەنگییەوە بە گشتی، هاوولاتییەك لە کوردستانەوە وای لێ بێ بتوانی بگاتە ئاستە بەرزەکان کە خەڵك پێی دەژی، ئەم قۆناغەی ئێستا ئێمە تێیکەوتووین دەتوانین بڵێین میکانیزیمی زۆر گەورە دروست بووە، دەتوانین بڵێین ئەگەر خەڵکێك بە (200)ساڵ گەیشتبێتە ئەمرۆی دیموکراسی، ئێمە دەتوانین لەدوای (200) ساڵەکەوە دەست پێ بکەین، بەهۆی ئەو زانیاری و ئەو ئەزموونە ئینسانییەی کە لەبەردەستایە دەتوانین ئێمە بڵێین ئەو (201) مان بری، دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە ئێمەی گەلی کوردستان تازە ناتوانین بە شێوازی تر خۆمان گەورە بکەین، ببینە نەتەوەیەکی بالادەست و بەهێز و خەڵك لێمان بترسێ، بەڵام دەتوانین لە رێگەی دیموکراسی و رێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانەوە هەنگاوی زۆر ببرین، بچینە رێزی گەلە پێشکەوتووەکان، بۆ ئەمە دەبێ پەرلەمان بەردەوام چاودێریی حکومەت بکات، چاودێری بەو مانایە دەبێ هەڵەکانی پێ بڵێ، حکومەت هەڵە نەکا، ئەگەر هەڵەیشی کرد خێرا ئاگادار بکرێتەوە، هەڵەکانی چارەسەر بکا، لە هەر شوێنێك کەم و کوریی هەبوو دەبێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەو کەم و کورییانە نەهێڵی، ئەمە بۆ ئەوەی نەبێ بکەوێتە خانەی تەشهیر، من خۆم بە گەورە بزانم و ئەو بە بچووك بزانم، ئێمە دەبێ وەکو تیپێك کار بکەین، هاوولاتی ئازادانە بژی، ئارام بێ لە رووی دەروونییەوە، لە رووی ئابوورییەوە خۆشگوزەران بێ، لە رووی پێشکەوتنەوە گەشە بکات و برواتە پێشەوە، ئەمانە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگن، ئەمە بە هەموان دەکری بە جەماوەر بە پەرلەمان بە حکومەت، دەبێ ئەمانە وەکو مەنزومەیەکی بەیەکەوەبەستراو بە یەك ئاراستە جوڵە بکەین، بتوانین ئەو کەش و هەوایە دروست بکەین هاوولاتی تیایدا پێشکەوتوو بێ، ئیتر دەبێ خەڵك پەرلەمان ئاگادار کا لەو کەموکورییانەی کە هەن، پەرلەمان ئاگادار بکا لەو شتانەی کە ناباشن. کە دەوتری گەندەڵییە رێز نەگرتنە لە سامان و دەرامەتی ئەم نیشتمان و هەرێمە، ئەم نەتەوەیە، دەبێ پەرلەمان بە هاوکاریی خەڵك کارێکی وا بکات کە ئەوانەی لە دەزگاکانی حکومەتدا کار دەکەن بەو ئاراستە کار بکەن کە خزمەتی خەڵکی بکەن و هەموو تواناکانیشیان لەوەدا بەگەڕ بخەن بۆ ئەوەی ببنە جێگەی رێز و ئیعتیباری خەڵکیش. ئەو دابڕانەی کە ئەمرۆ دروست بووە جەماوەر خۆشیی لە حکومەت نایە و حکومەت لە خەڵك دەترسێ و وەکو بڵێی جۆرە دوژمنایەتییەك دروست بووە، دەبێ ئەوە نەمێنێ، خەڵك حکومەت بە هی خۆی بزانی، حکومەتیش خۆی بە خزمەتکاری خەڵك بزانی، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، لێرەوە ئینتیما مانای دەبێ، ئێمە (35) ساڵە لەم ولاتە هیچ ئینتیمایەکمان بۆ ئەم نیشتمانە بۆ دروست نەبووە، نە حکومەت توانیویەتی خزمەتی ئێمە بکا، نە سودمان لە حکومەت بینیوە پێشتر و، نە حکومەتیش بۆ ئێمە بووە، نە ئێمەش بۆ حکومەت بووین، بەڵام ئێستاکە حکومەت حکومەتێکی نیشتمانییە، حکومەتی خۆمانە، دەبێ ئەو حکومەتە هەموو توانا و ئیمکانیەتێك کە هەیەتی بیخاتە گەڕ بۆ خزمەتی خەڵك و خەڵکیش ئەم حکومەتە بە هی خۆی بزانی، لە هەر جێگایەك کە هەڵە و نوقسانی هەیە پێی بڵێی کە پری بکاتەوە و هاوکاری بکری بۆ ئەوەی ئەو شتانە چاك ببێ، فەرهەنگێك دروست بکەین لە رۆشنبیری و هۆشیاری کە حکومەت بۆ خزمەتی ئێمە بێ، ئێمەش حکومەت بە هی خۆمان بزانین.

- لێپرسینەوە لە وەزیر و بەرپرسەکان لەلایەن پەرلەمانە تا ئێستا نەکراوە؟

+ پەرلەمان لە (5/7) لە کابینەی دووەم دامەزرا لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو ئیدارەیە، پەرلەمان لێرەوە ئیتر دەتوانی بڵێی کارەکانی بەگەڕ دەخا، ئێستا سەرقاڵی دەستور و یاسای وەزارەتەکانە، بێگومان یەکێك لەو کارانەی کە کردی لەم ماوەیەدا بانگهێشتکردنی ئەنجومەنی وەزیران و کۆمەڵێك وەزیر بوو لەسەر ئەو بارودۆخەی کە دروست بووە وەك نەبوونی کارەبا و بەنزین و نەوت و سوتەمەنی و ئەو

شتانە، بێگومان ئەو لێپێچینەوە و لێپرسینەوەیە زیاتر دەبێ، بەڵام دەبێ بەیانات و زانیاریی دروست هەبێ بتوانین لە ڕێگەی ئەوەوە ئێمە ئیشەکانمان بکەین، کە قەناعەتم وایە لەمەولا پەرلەمان دەست بەم کارانە دەکات، لێپێچینەوە دەکا لە هەر کارێك کە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و گەلدا نەبێ.

- هیچ لیژنەیەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان؟

+ پێم وایە لە پەرلەمان کۆمەڵێك لیژنەمان هەیە پەیوەستن بەم شتانەوە، بۆ نموونە لیژنەی مافی مرۆڤ هەیە خەڵك گەر سکاڵایەك شتێکی هەبێ، ئەگەر مەسەلەی گرانییە لیژنەی دارایی و بازرگانی هەیە، ئەگەر سوتەمەنییە لیژنەی پیشەسازیی هەیە، ئەگەر مەسەلەی نیشتەجێبوونە و نەبوونی خزمەتگوزاریی ناوشار و ئەمانەیە لیژنەی شارەوانی هەیە، ئەگەر خەڵك هەر گرفتێکی هەبێ چ لە شار و شارۆچکە و لە دەزگاکانی حکومەت و ئەمانە، دەتوانن بیگەیەننە ئەم لیژنانە، پەرلەمانیش لە ڕێگەی ئەم لیژنانە و لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە دەیدات بە حکومەت و، بێگومان وەڵامی دروست دەدرێتەوە بەو لایەنانە ئەو سکاڵایەیان پێشکەش کردووە.

- بەم دواییانە سزای ئیعدام لە هەرێمی کوردستان بڕیاری کارپێکردنی درایەوە، سەبارەت بەمە چی دەڵێن؟

+ لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکم بە بڕیاری بریمەر کە حاکمی مەدەنیی عێراق بوو سزای لەسێدارەدان (اعدام)، من لە پەرلەمان لە دانانی یاسای تیرۆر پێشنیاری ئەوەم کرد کە زاراوەی (لەسێدارەدان) نەمێنێ، چونکە ڕاستی وشەیەکی زۆر ناشیرینە و کردەیەکی زۆر ناشیرینە، (اعدام) یش ماناکەی لەسێدارەدان نییە، ئەمە هەڵەیە، مانای دروستی (لەناوبردن)ـە، ئیتر لەناوبردن بە هەر شێوازی حاکم قەناعەتی کرد، ئێستا شێوازی نوێ دروست بووە، ئەم شێوازە زۆر قێزەونە نەفەرێ دەکری بە دارا و ملی درێژ دەبێ و زمانی دێتە دەرەوە! نەفەرێك کە خاوەنی کەرامەتە، تۆ گیانت پێ نەداوە چۆن وای لێ دەکەی؟! بە ڕێزەوە پێشوازی لەم پێشنیارە کرا و ئێستا لە دەستووریش و لە یاسای ژمارە (22) دا بەگەڕخستنەوەی لەناوبردن جارێکی تر دەنگی بۆ درا لە پەرلەماندا، لە پەرلەمانی عێراقیشدا هەیە کۆمەڵێك لەگەڵی بوون کۆمەڵێك لەگەڵی نەبوون، چونکە لەسێدارەدان ئەمڕۆ لە (195) دەوڵەتی دونیا (111) دەوڵەت لەگەڵ لەسێدارەداندا نین یا بە یاسا یا بە نەکردن (73) دەوڵەت لە یاساکانیان هەیە، بەڵام کاری پێ ناکەن، بۆ نموونە (تورکیا) یا هەندێ دەوڵەتی تر، کە تورکیا لە ساڵی (1984) ەوە تا ئێستا کاری پێ نەکردووە، لە عێراق لە (2003) وە کاری پێ نەکرا تا ئەمساڵ لە وڵاتانی عەرەبی تەنها دەوڵەتی (بەحرێن) قەدەغەی کردووە، بەڵام تا ئێستا (84) دەوڵەتی دونیا پابەندن بە سزای لەناوبردنەوە، ئێمەش لە کوردستان ئاواتمان دەخواست هەرچەند هەرێمێکین، بەڵام نەمانتوانی بە کردەوە بچینە ریزی ئەو دەوڵەتە پێشکەوتووانەی دونیا. یەکێتیی ئەوروپا لە ڕێکەوتننامەی ئەورووپی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا بە مەرجی گرتووە هەر دەوڵەتێ بکەوێتە ناو ئەم یەکێتییەوە دەبێ سزای لەناوبردنی نەبێ، ئینجا ئەوان وەریدەگرن لە یەکێتیی ئەوروپا. ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەیە، هەندێ پێیان وایە ئەم سزایە ئەگەر هەبێ تاوان کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەوانەی کە پسپۆڕن لەو بوارەدا دەڵێن نەخێر نمونەیەك دەهێنن کە لە ساڵی (2001) دا (300) کەس لەناوبراوە لە ئێران و لە ئەمریکا و لە سعودیە و لە سوریا و لە زۆر وڵاتانی تر لە (2002) دا ئەم (300) ە چووەتە سەرووتر، بۆ نمونە لە ئەمریکا سزای لەناوبردن هەیە، بەڵام مەنعی تاوانی نەکردووە، بەڵام لە فەرەنسا تاوان زۆر کەمە و لە بەریتانیا زۆر کەمە کە سزای لەناوبردنیان نییە، دەتوانی بە ڕێگای تر تاوان کەم بکەیتەوە، بۆ نموونە زیندانیان بکەی، ئینجا ئەوانە مەلەفیان هەیە لە مەلەفەکانیان دەنووسرێ ئەمانە وایان کردووە، کە وای کردبێ ئیتر کە دەچێ لە دائیرەیەك ئیشی دەستکەوتێ دەستی ناکەوێ. خەڵکی ئەوروپا ئێستا وان، هەرکەسێ بیەوێ کارێکی دەستکەوێ، سەیری مەلەفەکەی دەکەن، ئەگەر

هەر جۆرە تاوانێکی تیابێ ئیشی نادەنێ، تەنانەت لە کاری مەدەنیشدا لە کاری ئەهلیشدا کاری دەست ناکەوێ، کەوابوو خەڵکێك کە زانی تاوانکردن دەبێتە هۆی نانبڕین، هەوڵ دەدا تاوان ئەنجام نەدات، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان دەنگی لەسەر درا کە کاری پێ بکرێ، دیارە کۆمەڵێك ئەحکام هەن بۆ لەناوبردن لەمەولا کاری پێ دەکرێ.